# ئایا مه دام میته ران  دۆستی کورده یان دوژمنی  کورده؟

له سه رده می سه رۆکی پێشوی فه ڕه نسا ( فرانسۆ میتران ) . په یوه ندی نێوانی عێراق و فه ڕه نسا له لوتکه ی باشیدا بوو. هێنده په یوه ندیان به هێزبوو ، که زۆرجار  عێراق  پاره ی نه بوو فرۆکه ی میێراج بکرێت،ئه وان واته فه ڕه نسیه کان ،به کرێ به عێراقیان ده دا . ته نانه ت زۆر جار فرۆکه وانی خۆشیان به شداری شه ڕه کانی ده کرد،چونکه عێراقیه کان زۆرباش نه یانده زانی ئه و فرۆکه مۆدێرنانه لێبخورن. ئه وه فرۆکه فه ره نسیه کان بوون ،هه ڵه بجه وکوردستانیان و وێران کرد.ئه وه پسپۆڕه فه ڕه نسیه کان بوون، به عسیه کانیان فێری هونه ری وێرانکردن ده کرد.

هه ر له و کاته دا شتێکیان دروست کرد به ناوی ( مه دام میتران ) . ئیتر ئه م فریشته یه بوو به تاکه هیوای و دۆستی ئه و گه له ی ،که خۆیان بێ دۆست و هیوایان کردووه . ئه م ژنه، یان ئه م فریشته یه ڕۆژ به دوای ڕۆژ سه رکرده خۆفرۆشه کانمان و زووڕنا ژه نه کانیان گه وره یان کرد لێمان . ئه م ژنه کاتێك که سه دام دۆستی ڕۆژئاوا بوو ، به چه کی  فه ڕه نسا و ئه ڵمانیا کوردی ئاواره و ده ربه ده رو ماڵوێران ده کرد،ویژدانی به رزی مرۆقی نه جولا.تا سه دام بوو به (سێوه پیسه که هه روه ك تشومسکی ده ڵێت ) وا ته کاتێك کوێتی داگیر کردو  په لاماری به رژه وه ندی ڕۆژئاوای دا. ئیتر  ویژدانی هه موو مرۆڤایه تی جوڵاو ، دیاره له پێش هه مووشیانه وه ئه م خانمه به ویژدانه !!! . یه کێك له و چالاکیانه ی که ئه م پاڵه وانه کردی،هێنانی چه ند خێزانێکی کوردبوو بۆ فه ڕه نسا.ئیترئه مه بوو به باسی نه براوی هه موو کوردێك.سه رۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی ئه مه ریکی ده یووت ( ئه مه به رزترین مۆراڵه،که ئێمه ی ئه مه ریکی هه مانه.چونکه ماڤی په نابه ری به ڤیێتنامیه کان ده ده ین*1).ئه وڤیێتنامیانه ی که خۆیان ئاوه ره وماڵوێرانیان کردن.که چی ئه مه ی که ئه مه ریکاوفه ره نساده یکه ن،به پیاوه تیه کی گه وره به کورد و  ڤیێتنامی ده فرۆشنه وه .کاتێك که به سه ردان چووم بۆ فه ڕه نسا،هێنده له کوردستان باسی ئه م ژنه یان کردبوو،وام ده زانی هه موفه ڕه نسیه ك سوێند به سه ری ئه م ژنه پیرۆزه!ده خۆن که چی کاتێك که له هه ندێك فه ڕه نسیم ده پرسی ،زۆریان یه که م جار بوو گوێیان له ناوی ئه م ژنه ده بوو.

ئه وفه ڕه نسایه ی که خۆی به دایکی ماڤی مرۆڤ داده نێت تاکه وولاتی ئه وروپییه که تاوه کو ئه مرۆش بڕیارنامه ی کۆپنهاگنی جێ به جێ نه کردووه.ئه و بریاره ی که کوردپشتی پێ ئه ستوره . هه تاوه کو ئه مڕۆش ( باسکه کان ، کۆرسیکه کان،بروتانیه کان)دان به ماڤی نه ته وایه کانیان له لایه ن حکومه تی فه ڕه نساوه نه نراوه.که چی ئه م به ویژدانه ش،ویژدانی مرۆڤی ناجوڵێت ونوتقی له ده مه وه نایه ته ده رێ .تۆ بڵێیت ئه میش وه کو حکومه ته که ی ئه م  سێ نه ته وه یه، به نه ته وه دانه نێت!!!

له ساڵی 1993وه کۆمه ڵێك که سی شۆرشگێری کوردستانی باکوور گیراون تۆمه تی تیرۆرستیان به سه ردا سه پێنراوه  . که چی کاتێك کۆمه ڵێك کورد ده چن بۆ لای ئه م دۆسته ی کورد ،ئه ویش  ده ڵێت: ( من ڕێز له بریاره کانی دادگای فه ره نسی ده گرم!! ) .هه ر چه نده ئه م که سانه به بریاری  پۆلیسی فه ره نسی گیراون نه ك به بریاری  دادگا .

به هه ر حال پێش ماوه یه ك له رۆژنامه ی ( الزمان) نووسیبوی که ئه م خانمه  چۆته لای خاتو ( مریه م ره جه وی ) سه رۆکی موجاهیدینی خه لقی ئێرانی. پشتگیری خۆی بۆ دووپات کردۆته وه و خه ریکی هه ڵمه تێکی گه وره یه بۆ به رگری کردن لێی. هه روه ها ووتوشیه تی ( کۆمه ڵێك هه ن ، ده یانه وێت ناوی موجاهدین خراپ بکه ن ،به وه ی که گوایه موجاهیدین سه ر به ڕژێمی رووخاوی به عس بوون !!!!!*2) که س نییه شۆڕشگێری خاتومریه می له بیر بچێت.ئه وخانمه ی که  به شۆڕشگێر ی ترین شێوه په لاماری شار و شارۆچکه کانی کوردستانی دا.چه نده باوه ڕم به ئینسانیه تی ئه م خانمه فارسه شۆڕشگێڕه !بووه، هه ر ئه وه نده ش باوه ڕ به و خانمه فه ره نسیه ی هاوبیری ده که م . من هیوادارم به م زووانه خاتوو مریه م ره جه وی ئازاد بێت  ، چونکه هه موو مان ده زانین خاتوو میتران نه خۆشه و پیر بووه، ئه گه ر ئه میش نه ما ، با  کورد بێ دۆست نه بێت !!خاتو ره جه وی   جێگای بگرێته وه .

زۆر ووترا و زۆر یان   به شان و باڵی ئه م ژنه  و فه ره نسادا هه ڵدا ، ته نانه ت ده ڵێن هێنده ی شه قام و کۆڵان به ناوه وه  نراوه ، سه رت لێتێك ده چێت. فه ره نساشیان لێکردوینه مه ککه ی  هه موو کوردێك . هه موو به چاوێکی سه یره وه ته ماشای فه ڕه نسا ده که ن  . دکتۆر مه حمود عوسمان ووتی:

(سه رۆکی فه ره نسا،فرانسۆ میته ران  ووتویه تی،گه ر یه کێتی و پارتی رێك نه که ون ئه وا ماڵی منیش تێك ده چێت !!!!) یه کێك رۆژێك ئه لف و بێی سیاسی خوێندبێت ده زانێت که سیاسه ت هیچ په یوه ندی به عاتیفه و شتی شه خسیه وه نییه.به ڵام وادیاره ئه م به ڕێزه چه ندین ساڵه خه ریکی سیاسه ت نه بووه ، بگره خه ریکی شتی تر بووه!!.

هه ر له و بابه ته ش ،ره خنه گرو نووسه ری سویدی به ڕه گه ز کورد ! (حه مه سه عید حه سه ن ) ، مه لا مسته فای خۆ شه ویستی !! به دیگۆلی فه ڕه نسی ده شوبهێنێت . من چه نده دڵنیام که ئه م به ڕێزه، دیگۆل ناناسێت ، ئه وه نده ش  دڵنیام که ،هه ر  له  ژیانیشیدا فه ره نسا ی نه دیووه .

من لێره  ڕێز له کاتی ئێوه  ده گرم  . حه ز ده که م به کورتی بیبڕ مه وه و بڵێم :

به ڕاستی کورد هه تا سیاسیه کی وه کو دکتۆر مه حمودی  هه بێت و
دوو سه رکرده ی مه زنی وه کو تاله بانی و به رزانی هه بێت و
ره خنه گرو نووسه ری  وه کو حه مه سه عید حه سه نی هه بێت و
که سێکی وه کو مه دام میته ران و ده وڵه تێکی وه کو ئه مه ریکا دۆ ستی بێت
ئه وا هه تا هه تایه  پێویستی به دوژمنێکی  وه کو به عس و ده وڵه تێکی فاشستی تورکی نابێت .

- 1 Noam Chomsky, Midia Control, Eurupa verlag. S.88
- 2 الزمان ، العدد، 2116 ، السبت ، 21.05.2005

ئه رده ڵان عه بدوڵڵا
ئه ڵمانیا